# کوێخایەتیی

## ئەمجەد شاکەلی

کاتی خۆی، لە گرتنی مەککەدا، پەیامبەری ئیسلام، بڕیارێکی وای دەرکرد، کە هەرکەسێک بچێتە ماڵی ئەبوو سوفیان، ئیدی هیچی لێناکرێت و بە خودان باوەڕ دەژمێردرێت و دەکاتە ئەوەی، کە بووەتە موسوڵمان. ئەو بڕیارە کارێکی وای کرد ئەگەر تاکە یەک زەلام، سەرەکهۆزێک یا سەرەکخێڵێک یا دەمڕاستی ماڵباتێک، لەبری هۆزێک یا بنەماڵەیەک، ببووایەتە موسوڵمان، ئیدی تەواوی ئەو هۆزە یا ئەو خێڵە، بە موسوڵمان دەژمێردران. هەر لەو کاتەوەش ئیدی موسوڵمانگەلێک پەیدا بوون، کە تەنێ بەرژەوەند، کردبوونییە موسوڵمان و هێندەی ڕێژەیەکیش بڕوایان بە ئیسلام نەبوو. لە سایتەکەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لە ئینتەرنێت، ڕۆژی 2003/9/4، لە هەواڵەکاندا، گوتەیەکی ڕزگار عەلی، کە کارگێڕێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە لە کەرکووک، بڵاوکرابووە. ڕزگار عەلی دەڵێ:"إن جماهير الكرد الموجودة في كركوك هي جماهير عائدة وتابعة للإتحاد الوطني الكردستاني. بە کوردییەکەی دەبێتە: ئەو جەماوەرە کوردەی، کە لە کەرکووکە، جەماوەرێکە سەربە و هی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە". من نازانم کەرکووک ئێستا چەندی کورد تێدایە، بەڵام لەو باوەڕەدام، بە لای کەمەوە، 40000-300000 کوردێکی تێدا بێت. زۆر سەیرە حیزبێک، ئەو هەموو خەڵکەی، بە بێ هیچ دوودڵی و بە ئەوپەڕی بڕوابەخۆبوونەوە، لە ڕەنگی سەوز هەڵژەنیبێت و سەوزڕێژ کردبێت و هەموو بە موڵکی خۆی دابنێت و بە ئەندام و لایەنگر و هەواداری خۆی بزانێت، وەک بڵێی هەموویانی نێونووس کردبێت، یا ئەوان بۆ خۆیان، لە لیستی ئەو حیزبەدا نێوی خۆیان نووسیبێت، یا بە بڕ هەموویان بووبێتن بە یەکیەتیی، یا یەکیەتیی لە ڕۆژی یەکەمی ڕزگاربوونی کەرکووکەوە، شارەکەی قۆرخ کردبێت و کەسی دیکەی نایەکیەتیی تێدا نەهێشتتبێت، یا تەواوی نایەکیەتییان بە مەرگی خودا یا بەپەتایەک مردبن، یا بە شەرتی چەقۆ، یەکیەتییەکان شارەکەیان لە بەعس وەرگرتبێت. ئەگەر بڕێک ورد بنۆڕینە ئەو قسەیەی ڕزگار عەلی، قسەکانی حیزبی بەعس و سەددام حوسەینمان وەبیر دێتەوە، کە دەیانگوت:"هەموو عێراقییەکی باش، بەعسییەکی باشە، تەنانەت ئەگەر نەهاتبێتە نێو حیزبیشەوە". یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش، دیارە لە هەر بنەماڵە، یا گەڕەکێکی کەرکووک، ئەگەر تاکە کەسێکیش نوێنەرایەتییانی کردبێت و بووبێتن بە یەکیەتیی، ئیدی هەمووی بە بێپێ حسێب کردووە و بە گۆترە بە هی خۆی زانیوە. جا کە تەواوی کوردی کەرکووک یەکیەتین، ئیدی ئەو هەموو بنکە و بارەگای ئەو حیزبانەی دیکەی بۆ لێیە؟ بە دەردی کوێخاکەی چەمچەماڵ، کە لە کوێخایەتیی خرابوو و بەڵام هەر فەرمانی دەردەکرد بۆ خەڵکەکە، کە پێیان دەگوت، تۆ لە کوێخایەتی کەوتووی، دەیگوت، جا بۆ خۆتان هەر بڵێن، بەخودای، خۆشتان بێت و ترشتان بێت، من هەرکوێخاتانم، دیارە یەکیەتییش، کەرکووکییان، خۆشیان بێت و ترشیان بێت، هەر کوێخایانە.

2003/9/11